# هەواڵنامەی یونامی

نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق

هەواڵنامەی ژمارە 15 | ئابی 2011

## لـــەم ژمارەیـــەدا

ڕەوشی مافی مرۆڤ هێشتا ناسکە - ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان ........................................ 1

یەکیەتی ئەوروپا و ڕێکخراوی (UNDP) ڕاهێنان بە ڕۆژنامەنووسان و وتەبێژانی دەزگاکانی دادوەری دەکەن سەبارەت بە چۆنییەتی ڕاپۆرتدان لەسەر دادگا........................................2

کۆمیسارییای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی بێوەژنە ئاوارە ناوخۆییەکان دەدات لە هەرێمی کوردستان .......3

(ڕێکخراوی جێهانی کۆچ-IOM) دەڵێت کە کۆمپانیا تایبەتەکان پێویستە ڕێز لە پابەندییەکانیان بگرن سەبارەت بە کرێکاری بیانی لە عیراقدا ....3

ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی: هەڵسەنگاندنی سیستەمی زانیاریی تەندروستی لە عیراقدا ........4

ئاوارە عیراقییەکان بە پاشخانی جۆراوجۆرەوە هەمان ڕای هاوبەشیان هەیە ..................... 5

کورتەی هەواڵ ................................ 6

لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ................................ 7

## ڕەوشی مافی مرۆڤ هێشتا ناسکە - ڕاپۆرتی نەتەوە یەکگرتووەکان



پۆلیس لە ئامادەباشیدایە بۆ خۆپیشاندان لە حوزەیرانی ٢٠١١ لە هەولێر لە هەرێمی کوردستانی عیراق وێنە: بیکەم ئەکبەرزادە لە نوسینگەی ڕاگەیاندنی UNAMI

ڕاپۆرتی ٢٠١٠ی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عیراق ، کە لە ٨ی ئابی ٢٠١١ لەلایەن (یونامی) و (نوسنگەی کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ) ەوە دەرکرا، هۆشداری داوە کە توندوتیژیی چەکداری و پێشێلکاریی "بێدەنگ"ی مافی مرۆڤی بەردەوامن لە کارکردنە سەر بەشێکی زۆری دانیشتوان.

ڕاپۆرتەکە ئاماژە بەوە دەکات کە "هەژاریی بەربڵاو و چەقبەستنی ئابووری و نەبوونی هەل و داتەپینی ژینگەیی و نەبوونی خزمەتە بنەڕەتییەکان بوونەتە مایەی دروستبوونی پێشێلکارییە "بێدەنگ"ەکانی مافی مرۆڤ کە کار لە بەشێکی زۆری دانیشتوان دەکەن".

ڕاپۆرتەکە لە چەندان بابەتی مافی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە وەك کاریگەریی شەڕی چەکداری و توندوتیژیی دژی خەڵکی مەدەنی و بەندکردن و سەروەریی یاسا و پاراستنی مافی چەند کۆمەڵێکی تایبەت. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاماژە بە ڕەوشی مافی سیاسیش دەکات لە وڵاتدا بە ئازادیی ڕادەربڕین و کۆبوونەوەشەوە. ئەو ڕاپۆرتە ئەوەشی نەشاردووەتەوە کە لەکاتێکدا باشبوون لە چەند بوارێکدا هەبووە بەڵام هێشتا ئاستەنگی زۆریش ماون.

ڕاپۆرتەکە هۆشداریی داوە کە "توندوتیژیی چەکداری بەردەوام و بە شێوەیەکی خراپ کار لە ژێرخانی مەدەنی دەکات" و ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە ئەم جۆرە توندوتیژییە نەك هەر سەر بۆ نەمان و برینداربوونی هەڕەمەکی دەکێشێت بەڵکو بەردەستخستنی مافەکانی تریش کۆت و بەند دەکات، بە گەیشتن بە خزمەتە مرۆییە بنەڕەتەکان و مافی پێکهێنانی کۆمەڵە و ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ئاینیشەوە.

بەڵام هێشتا گرفتی زۆر لە جێبەجێکردنی یاساکان وئیدارەی دادوەری هەن، بەتایبەتی ئەوەی کە پەیوەستە بە دەستەبەرکردن و ڕێزگرتنی وەکپێویستی پرۆسەکە و مافی دادگاییکردنی ڕەوا. لەکاتێکدا ڕاپۆرتەکە دان بە هەندێك باشبوون لە ڕەوشی زۆر لە بەندیخانەکان و دەزگاکانی

> ئەمەیە نەتەوە یەکگرتووەکان: بە قسە و بە کردار. ڕاپۆرتێکی ئازایانە لە لوبنان؛ ریفراندۆمێکی ڕێچکەشکێن لە سودان؛ گواستنەوەیەکی گرنگی دەسەڵات لە کۆت دیڤوار؛ پشتگیریی زۆر پێویست لە ئاوەدانکردنەوەی دوای کارەسات لە هاییتی؛ هەوڵی بەردەوام لەگەڵ عیراقییەکان دوای دەیان ساڵی شەڕ و وێرانکاری.

***نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاد مێلکەرت***

دەستبەسەرکردندا دەنێت بەڵام هێشتا راپۆرت لەسەر رووداوەکانی ئەشکەنجە و مافپێشێلکردن بە شێوەیەکی بەرفراوان هەن. لە راپۆرتەکەشدا هاتووە کە پشتبەستنی زیاد بە دانپێدانانی تۆمەتباران دەبێتە مایەی دروستبوونی کەشێك کە ئەشکەنجەدانی بەندکراوانی تێدا پەیڕەو بکرێت

راپۆرتەکە باس لەوە دەکات کە رەوشی مافی ئافرەت لە ساڵی ٢٠١٠ بەچەندان شێوە خراپتر بوو و منداڵانیش بەردەوام بەدەست توندوتیژیی شەڕی چەکدارانە و لە هەندێك باردا بەزۆر چەکدارکردن و یان بەکارهێنانیان بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژییەوە ناڵاندوویانە. هەروەها راشدەگەیەنێت کە "ئەنجامدەرانی تاوانەکانی ئەم ساڵانە هەر بە نەگیراوی ماونەتەوە. چەندان گۆڕی بەکۆمەڵ لەو ساڵەدا دۆزرانەوە کە قوربانیی چەندان مافپێشێلکردنی جۆراوجۆری ئەنجامدراوی دەیان ساڵ پێشتریان لەخۆگرتبوو".

راپۆرتەکە چەندان راسپاردەی سەبارەت بەو هەموو ئاستەنگانەی کە عیراق و خەڵکەکەی رووبەروویان دەبنەوە تێدایە و تێبینیشی کردووە کە "رەوشی مافی مرۆڤ لەسەرتاسەری عیراقدا هێشتا هەر ناسکە".

زانیارییەکانی ناو راپۆرتەکە لە چاودێریی راستەوخۆی (یونامی) و چەندان سەرچاوەی جۆراوجۆری تری وەك حکومەت و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵگەی مەدەنی و رێکخراوە ناحکومییەکانەوە وەرگیراون.

(نووسینگەی مافی مرۆڤی یونامی) لەگەڵ حکومەت و ژمارەیەك رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی عیراقی کار دەکات بۆ پشتگیریکردنی بێلایەنانە لە بەرەوپێشبردن و رێزلێگرتن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ. هەروەها، ئەو نووسینگەیە لە نزیکەوە کار لەگەڵ سندوق و ئاژانسەکان و بەرنامەکانی تری نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە مافە بنەڕەتییەکانی هەموو عیراقییەکان بۆ چالاکییەکانیان زۆر گرنگن.

**کۆمەڵگەی مەدەنی**

# یەکیەتی ئەوروپا و رێکخراوی (UNDP) راهێنان بە رۆژنامەنووسان و وتەبێژانی دەزگاکانی دادوەری دەکەن سەبارەت بە چۆنییەتی راپۆرتدان لەسەر دادگا

نووسینی: شاباز جەمال و برێگێت بێلسۆند



راهێنانی رۆژنامەنووسانی عیراقی لە حوزەیرانی ٢٠١١ لەسەر راپۆرتدان لەبارەی دادگاوە. وێنە: UNDP

راپۆرتدانی دروست و رەوای راگەیاندن بۆ هەر وڵاتێك گرنگە بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە وەك عیراق تووشی شەڕ هاتوون چونکە ئەو شێوەیەی کە راگەیاندن زانیارییەکەی پێ دەردەبڕێت دەبێتە راوبۆچوونی جەماوەر و دەتوانێت یان پشتگیری لە ئاشتبوونەوە بکات و یانیش ئاگری لێکترازانی نێوان کۆمەڵگاکان خۆش بکات.

کاتێك رۆژنامەنووس لەسەر کێسێکی دادگا راپۆرت دەدات ئەوە هەتتا زۆر گرنگە کە ئەم کارە بەشێوەیەکی دروست و رەوایانە بکات. راپۆرتدانی رێکوپێك لەسەر کێسەکانی دادگا لەبەرژەوەندیی جەماوەرە چونکە دەتوانێت درێژە بە واڵایی و متمانەی دادگا و سیستەمی دادوەری لە وڵاتدا بدات. بەڵام ناشبێت ئەوەمان لە بیر بچێت کە راپۆرتدان لەسەر کێسە نهێنییەکان بۆی هەیە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی تاوان بخانە مەترسییەوە و کاریش لە مافی تۆمەتبار بکات بۆ گەیشتن بە دادگایەکی رەوا یانیش ئاشکراکردنی پرسە خێزانییەکان بۆ جەماوەر بە بێ هیچ پێویستییەك. ئەمەش خۆی لە خۆیدا سەلامەتی رۆژنامەنووس و کارمەندانی دادگا و خەڵکە پەیوەندارەکانی کێسەکە دەخاتە مەترسییەوە و بگرە رەنگە رۆژنامەنووس تووشی سزای یاساییش بکات.

بۆ باشکردنی راپۆرتدان لەسەر دادگا و دەستبەرکردنی لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش، رۆژنامەنووسان و دادوەری و رێکخراوی (UNDP)ی عیراق خولێکی راهێنانی لە بەغداد و بەسرە و هەولێر بینی کە تێیدا رۆژنامەنووسانی عیراق و گۆتیارانی راگەیاندنی دادوەری راهێنانیان لەلایەن راگەیاندن و شارەزایانی یاساییەو لەسەر کۆمەڵێك بابەت پێکرا وەك سیستەمی دادوەریی عیراقی لەوەی کە چۆن زانیاریی فەرمی لە دادگاکان وەردەگریت و چۆنیش زانیاریی گشتی و نهێنی لێکجیا دەکەیتەوە.

بۆ هەندێك لە بەشداربووان راهێنانەکە یەکەم راهێنانی فەرمی بوو لەسەر ئەم بابەتە. عەبدولحەمید زێباری لە ئاژانسی هەواڵی عیراق وتی "پێش راهێنانەکە من نەمدەزانی کە چۆن راپۆرت دروست بکەم بەشێوەیەك کە خۆ لە جنێو و ناوزراندن و یان ئاشکراکردنی زانیاریی نهێنی دوور بگرم هەروەك چۆن بەڕاستی دەرهاویشتە یاساییەکانی راپۆرتدانی نادروستیشم لەسەر کێسەکانی دادگا نەدەزانی.

بەشدرابوویەکی تر بەناوی مۆفەق موحەمەد لە (دەنگەکانی عیراق) وتی "لە یەکێك لە راپۆرتەکانم من زانیاریی نهێنیم لەسەر کێسێك ئاشکرا کردبوو. بەڵام ئێستا و دوای تەواوکردنی ئەم خولە من دەتوانم چاو بەمەدا بخشێنمەوە و سەرلەنوێ راپۆرت بەشێوەیەك دارێژم کە زانیاریی نهێنی بپارێزم و راپۆرتەکەش بێ هیچ گرفتێك بڵاو بۆوە".

راهێنانەکە بەشێکە لە کاری رێکخراوی (UNDP) بۆ گەشەدان بە دادوەری و سەروەری یاسا کە بە هاوبەشکاری لەگەڵ یەکییەتی ئەوروپا جێبەجێ دەکرێت.

## هاوکاری مرۆیی

# کۆمیسارییای باڵای پەناهەندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان یارمەتی بیوەژنە ئاوارە ناوخۆییەکان دەدات لە هەرێمی کوردستان

نووسینی : ڕێکخراوی (UNHCR) لە عیراق




بیوەژنانی ئاوارە لە خولێکی بەرگدووریین لە ناحیەی خەباتی سەر بە پارێزگای هەولێر لە هەرێمی کوردستانی عیراق لەکاتی سەردانی خاتوو (بوشرا هالی پۆتا)ی UNHCR. وێنە: UNHCR

(لێکۆڵینەوەی جێندەری) ڕێکخراوێکی ناحکومیی ناوخۆییە کە، وەك بەشێك لە بەرنامەیەکی فراوان بۆ بەتواناکردنی ١٤٠ ڕێکخراوی ناحکومی لەسەرتاسەری عیراقدا، ڕاهێنانی لەلایەن ڕێکخراوی (UNHCR) ەوە پێکراوە. ئەم ڕێکخراوە، لە جیاتی ڕێکخراوی (UNHCR)، چەند چالاکییەك بۆ ئاوارە ناوخۆییەکان، بە بیوەژنەکانی قەزای خەباتی هەرێمی کوردستانی عیراقیشەوە، ئەنجامدەدات.

بۆ یارمەتیدانی بیوەژنانیش بۆ پشتبەخۆبەستن ، ڕێکخراوی (UNHCR) پشتگیری لە پرۆژەکانی ڕاهێنانی پیشەیی دەکات و بەم دواییەش خولێکی یەك مانگەی دروومانی کردەوە بۆ ئەوەی بیوەژنان بتوانن یارمەتی خێزانەکانیان بدەن. شایانی باسە، زۆربەی ژنەکان لانی کەم ٣ تا ٤ منداڵیان هەیە و ڕۆژانەش بۆ دابینکردنی کرێیی خانوو و خوێندن و تەندروستیی خێزانەکانیان ئەوپەڕی خۆیان ماندوو دەکەن.

خاتو بوشرا هالیپۆتا کە قسەی بۆ بەرپرسی ڕێکخراوی (UNHCR)ی هەرێمی کوردستانی عیراق دەکرد باسی لەو گرفتانە کرد کە بیوەژنە ئاوارەکان ڕووبەڕوویان دەبنەوە وەك دەستگەیشتن بە دیکۆمێنتی پێویست لە شوێنە بنەڕەتەکانی خۆیاندا. ئەم دیکۆمێنتە داواکراوانە یارمەتییان دەدەن لە سوودوەرگرتن لە یارمەتیدانی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و قەرەبوو و خانەنشینی تردا.

ڕێکخراوی (UNHCR)، لەڕێگەی ڕێکخراوی (لێکۆڵینەوەی جێندەری)یەوە، لەگەڵ بیوەژنە ئاوارەکانی هەولێر لە پەیوەندیدایە. زۆربەی بیوەژنەکان خەڵکی بەغداد و موسڵن و دەتوانن سەردانی دەزگا تەندروستییەکان بکەن و چارەسەریش بەخۆڕایی وەرگرن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هێشتا نیگەرانن لەوەی کە بەهۆی بێکاری و نەبوونی سەرچاوەی تری داهاتەوە ناتوانن دەرمانی گران بکڕن.

سەرەڕای ئەمەش، بەهۆی نەبوونی سەقامگیری لەو شوێنانەی کە لێیەوە هاتوون، ئەوان ناتوانن (فۆرمی بایەعی)یان بۆ شوێنی ئێستایان بگوازنەوە کەئەمەش پێشمەرجە بۆ سوودوەرگرتن لە سیستەمی خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتیی هەرێمی کوردستان. شایانی باسە، هەموو عیراقییەکان بە هۆی ئەم (فۆرمی بایەعی) یەوە بەشەخۆراکی مانگانە و هەندێ شتی ترین زۆر پێویست.

ڕێکخراوی (UNHCR)، بەیەکەوە لەگەڵ دەسەڵاتی کوردستان، پابەندە، لە نێوان چەندان جۆر یارمەتی تردا، بە ئاسانکاریکردنی یارمەتیی یاسایی بۆ یارمەتیدانی ئەو بیوەژنە ئاوارانەی کە دەتوانن ڕاستەوخۆ دەنگیان بگەیەننە نووسینگەی تازەی (بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی دژی ژنان) لە قەزای خەبات بەمەبەستی یارمەتیدان.

ئەم هەوڵانەش بەشێکن لە پشتگیریکردنی بەردەوامی ڕێکخراوی (UNHCR) بۆ حکومەتی عیراق بۆ ئاوڕدانەوە لە پێویستییەکانی پاراستن و کۆتاییهێنان بە ئاوارەبوونی زیاتر لە 1.3 ملیۆن ئاوارەی ناوخۆی وڵات بەو بەو ٣٨١٥٠٠ شەوە کە لە بەشی باکوورن.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە (هێلین کۆکس) لە بەشی هەڵسوڕاندنی ڕێکخراوی (UNHCR)ی عیراق بە ناونیشانی ئەلیکترۆنیcaux@unhcr.org

## مافەکانی مرۆڤ

# (ڕێکخراوی جیهانی کۆچ-IOM) دەڵێت کە کۆمپانیا تایبەتەکان پێویستە ڕێز لە پابەندییەکانیان بگرن سەبارەت بە کرێکاری بیانی لە عیراقدا

نووسینی: لیڤیا ستایپ ڕیکۆوسکا

(ڕێکخراوی جیهانی کۆچ-IOM) یارمەتی مرۆیی پێشکەش بە ٣٥ کرێکاری ئۆکرانی و بۆلگاری کرد کە لەلایەن خاوەنکارەکانیانەوە لەوپەڕی ناخۆشیدا جێهێڵترابوون. کرێکارەکان بەشێکن لە کۆمەڵێکی ٢١٧ کۆچبەری، بە نیپالییەکانیشەوە،کە لە کانونی دووەمی ٢٠١٠ لە پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەی ناو زۆنی نێونەتەوەیی بەغداددا بەگەڕخرابوون.

ئەم داوایە کاتێك دێت کە کارمەندانی ئەم ڕێکخراوە ڕۆژانە چەند سەردان بۆ بردنی خواردن و ئاو و یارمەتیی تەندروستی بۆ ئەو شوێنەی ئاوەدانکردنەوە ئەنجام دەدەن کە تێیدا کۆچبەرەکان لە تاریکی و قرچەپەستی و پیسی و هەوای پیسدا دەژین.

ئەو پیاوانە کە لەکاتی بەکرێگرتنییان بەڵێنی مووچەی مانگانەی ٢٥٠٠ دۆلاری ئەمریکییان پێدرابوو تائێستا، وێڕای کارکردنی دووروودرێژیان بۆ ماوەی چەند مانگێك، تەنها چەند سەد دۆلارێکی کەمییان وەرگرتووە. کاتێك کە قونتەراتچییە لاوەکییەکەش ڕایکرد کارکردن لە شوێنەکە وەستا و بەمەش کۆچبەران بێ پارە و ئاوی خواردن خۆراك مانەوە.

لەلایەکی تریشەوە، بەهۆی ئەوەی کە خاوەنکارەکە بەڵێنەکەی خۆی بە دابینکردنی دیکۆمێنتی پێویستیی

## مافەکانی مرۆڤ

نشینگە نەبردە سەر، کۆچبەران بێویست بوونە کارکەری بێ بەڵگە (قاچاغ).

ئەو ٣٥ کۆچبەرە تا ئێستاش هەر لەو شوێنەن و لە رەوشێکی بێ ئاو و پاقژیی تەندروستیشدا ژیان بەسەر دەبەن. هەندێکیان، بە هۆی خواردن و ئاوی خواردنەوەی خراپەوە، تووشی کێشەی تەندروستی هاتوون. لەمەش خراپتر، ئەو کۆچبەرانە بەهۆی قەرزکردنی پارە بۆ کۆمپانیاکان بەرابەر پەیداکردنی کار بۆیان لە عیراق تووشی قەرزارییەك هاتوون کە رەنگە هەرگیز نەتوانن بیدەنەوە ئەگەر مووچەکانیان پێ نەدرێت.

ئەم رێکخراوە داوا لە کۆمپانیاکان دەکات کە رێز لە پابەندییەکانیان سەبارەت چاودێری کرێکارەکانیان بگرن و بەگوێرەی پێوەری کۆچکردن و مافی مرۆڤی نیشتمانیش مامەڵە بکەن.

لەمبارەوە، لیڤیا ستایپ رێکۆوسکا لە (رێکخراوی جێهانی کۆچ-IOM)ی بەغداد وتی "وەك هەنگاوێکی بەپەلە، مووچەکانیان پێویستە پێ بدرێت و خاوەنکاریش پێویستە هەرەشەی ئەوەیان لێ نەکات کە وڵات بەبێ پاداشتدانەوە جێ بهێڵن و کۆچبەرەکانیش پێویستە لە کۆتاییدا یارمەتییان لەسەر چوونەوەیان بو وڵاتی خۆیان بە شێوەیەکی پڕرێز و سەلامەت بدرێت ".

ئەم رێکخراوە بە درێژایی چەند ساڵ یارمەتی ئەو کرێکارە کۆچبەرانەی داوە کە لەعیراق بە خراپی بۆ کارکردن لە بواری ئاوەدانکردنەوە و پیشەسازیی خزمەت و ماڵی بەکارهاتوون کە هەر کامێکیان چیرۆکێکی تاڵی هەیە بیگێڕێتەوە. هەروەها، رێکۆوسکا وتیشی "ئەمە گرفتێکی گەورەیە لە وڵاتدا. هەندێك، ئەگەر نەڵێین زۆربەی، کرێکاری بیانی لە عیراق، بێ ئەوەی بەدەست خۆیان بێت، تۆمار نەکراوون کە ئەمەش رەوشێکی ئەوپەڕی دژواری دروستکردووە.




٣٥ کۆچبەر هێشتا لە رەوشێکی نادیاردا لەو شوێنە دەژین. وێنە: لیڤیا ستیپریکۆفسکی لە نوسینگەی عیراقی IOM

ئێمە قسە لەسەر دەیان هەزار کارکەری بیانی دەکەین. ئەوەی کە پێویستە بۆ راگرتنی ئەم خراپبەکارهێنانە بکرێت برتییە لە گرتنەبەری سیاسەتێکی کاری کۆچی گشتگر لە عیراقدا لەگەڵ یاسای دژی بارزگارنیکردنی بە مرۆڤەوە کە لەلایەن پەرلەمانەوە دەربچێت و ئەمەش تێکهەڵکێش بکرێت لەگەڵ سیستەمێکی کاریگەر کە کۆچبەری فرۆشراو یان گیرخواردوو بپارێزێت.".

ئەم رێکخراوە، وەك ئەندامێك لە (تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق)، لە نزیکەوە لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و دەسەڵاتی عیراقی بۆ پشتگیریکردنی (پلانی گەشەپێدانی نیشتمانی ٢٠١٠-٢٠١٤) کار دەکات و لەگەڵ گشت کەرتەکانی تیمی دەرئەنجامی "تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عیراق"یش ئاوێتە بووە.

بۆ زانیاری زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە لیڤیا ستایپ رێکۆوسکا، بەرپرسی تواناسازی، بە ناونیشانی ئەلیکترۆنی lstyprekowska@iom.int

## تەندروستی

# رێکخراوی جیهانیی تەندروستی: هەڵسەنگاندنی سیستەمی زانیاریی تەندروستی لە عیراقدا

نووسینی : روبا حیکمەت، بەرپرسی پەیوەندی لە رێکخراوی جیهانیی تەندروستی



بەشدارانی عیراقی بە دەرەنجامە دۆزراوەکانی هەڵسەنگاندنی (سیستمی زانیاریی تەندروستی) دادەچنەوە لە ئاداری ٢٠١١ لە بەغدا. وێنە: WHO

داتای متمانەدار و لەکاتیخۆیدا بۆ دابینکردنی خزمەتە تەندروستییە گشتییەکان زۆر گرنگە. لە چەند ساڵی رابردوودا، عیراق، لە رێگەی پەیداکردنی هاردوێر و سوفتوێرو شارەزای تەکنیکییەوە، وەبەرهێنانی گەورەی لە (سیستەمی زانیاریی تەندروستی)دا کردووە. بەڵام هێشتاش هەوڵی پچڕپچڕ بۆ باشکردنی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم سیستەمە کاریگەرییەکی کەمیان هەبووە بەتایبەتیش لە رووی ئەو زانیارییەی باشەی کە بتوانێت بە شێوەیەکی تێروتەسەل پشتگیری لە بڕیار دەرستکردن و ئەو پلانە چاودێرییە تەندروستییە بکات کە لەسەر بنەمای بەڵگە بەندە.

هەڵسەنگاندنێکی تازە، کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستی و پشتگیری

## تەندروستی

تەواوی تەکنیکیی ئەم ڕێکخراوە ئەنجامدراوە، ئەوەی دەرخست کە (سیستەمی زانیاریی تەندروستیی نیشتمانی) لاواز و ناکاریگەرە. پروسەی ئەم سیستەمە لەئەنجامی زنجیرەیەك سەکۆیکاری ڕاوێژییەوە هات کە لەلایەن (گرووپی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان-فەندی متمانەی عیراقی)یەوە داراییەکەی دابینکرابوو و لەلایەن کۆمەڵێك عیراقیشەوە ئەنجامدراوە کە پەیوەندییان بەم سیستەمەوە هەبوو.  ئەمە یەکەم هەنگاو بوو بەرەو سەرلیستکردنی وەبەرهێنانەکان و بەهێزکردنی ئەم سیستەمە. ئەمە نەخشە ڕێگایەکیشە بەرەو گەشەدان بە پلانی ستراتیژیی نیشتمانی.

ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنەکە داوای دەستنشانکردنی پێویستییە بەپەلەکان و جێبەجێ کردنی بەشدارییە هەرەکاریگەرەکان دەکات بۆ چاککردن و بەهێزکردنی ئەم سیستەمی زانیارییە و هەروەها بۆ سەرلیستکردن و باش کارکردنی هاتنی بەردەوامی سەرچاوەکان بۆ ناو سیستەمی چاودێریی تەندروستی.

بۆ پشتگیریکردنی ئەم هەوڵانە، ئەم ڕێکخراوە ڕاهێنانی بە ئەندامانی (گرووپی کارکردنی پەیوەندارانی سیستەمی زانیاری) کرد سەبارەت بە بەکارهێنانی ئامڕازی هەڵسەنگاندن کە لەسەر (تۆڕی تیۆری پێوانی پەیوەندارانی سیستەمی زانیاریی ڕێکخراوی جیهانیی تەندروستی) دامەزرابێت. ئامڕازی هەڵسەنگاندنی سیستەمی زانیاری لە ڕاپرسییەکی ١٩٧ پرسیاری پێك دێت کە بەسەر ٦ بواری وەك سەرچاوەی بنەڕەت و نیشاندەری تەندروستی و داتای سەرچاوە و داتای بەڕێوەبردن و بەرهەمی زانیاری و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنان دابەش بووە.

هەڵسەنگاندنەکە ژمارەیەك پرس و گرفت و کەلێنی ئەم سیستەمەی دەستنیشان کرد کە هەریەکێکیان لە دیدی جیاوازەوە بەوردی سەیر دەکرێت بۆ بەرهەمهێنانی زانیاری باش لەکاتی خۆیدا لەگەڵ دڵنیابوون لە باشبەکارهێنانیان لەلایەن گشت پەیوەندارانەوە. هەروەها، پلانێکی ستراتیژی چڕوپڕیش دادەنرێت بۆ دروستکردنی بناغەیەکی پتەو بۆ گەشەپێدانی سیستەمی زانیاری پەیوەندار کە بتوانێت پێویستی و ئاواتەکانی خەڵکی عیراق بهێنێتە دی.

بۆ زانیاریی زیاتر تکایە پەیوەندی بکە بە بەرپرسی بەشی پزیشکیی ڕێکخراو، د. عەقیلە نوری، بە ناونیشانی ئەلیکترۆنی nooria@irq.emro.who.int.

## چیرۆك

# ئاوارە عیراقییەکان بە پاشخانی جۆراوجۆرەوە هەمان ڕای هاوبەشیان هەیە

نووسینی: بیکەم ئەکبەرزادە



ئافرەت و منداڵی پەنابەر، زۆربەیان کوردی ئێرانن، باسی کێشەکانی پەنابەریی خۆیان لە گوندی بەحرکەی باکوری هەولێر لە هەرێمی کوردستانی عیراق. وێنە: بیکەم ئەکبەرزادە لە نوسینگەی ڕاگەیاندنی UNAMI

هەمزە میزیر موحەممەد و خێزانەکەی بۆ زیاتر لە ٥ ساڵ لە ڕۆژهەڵاتی هەولێر دەژیان دوای ئەوەی و دوای چڕبوونی توندوتیژییەکانی بەغداد لە ساڵی ٢٠٠٦ هاتبوون. میزیر و دوومنداڵەکەی ئێستا ڕۆژانە خانوویەکی  کۆنکریتی کات بەسەر دەبەن کە کەلوپەلی زۆری تێدا نییە و  بەتانییەکیش کە لەسەر زەوییەکە ڕاخراوە بۆ ئەوەی لە کاتی سەیرکردنی تەلەفزیۆن لەسەری دانیشن لەگەڵ چەند حەسێرێکی پێچراوە. دراوسێ کوردەکەی مزیر کە سەبری ئەحمەد و منداڵەکانیەتی میوانی ڕۆژانەن.

ناوچەکە، بە هۆی لێشاوی ئاوارە ناوخۆییەکانی بەغداد کە لەم چەند ساڵەی ڕابردوو هاتوون، بووەتە گەڕەکێکی تێکەڵ لە جۆرەها دراوسێی  هەمەنژادی و کورد و عەرەب شانبەشانی یەکتر دەژیەن و منداڵەکانیش یاری دەکەن.

ئەحمەد ناسر و خێزانە ٥ کەسییەکەی لەگەڵ براکەی بە ناوی سەعد فازیل و خێزانە ٧ کەسییەکەی لە خانووەیەکی نزیك ئەوان دەژیەن.

هەروەك خانووەکەی میزار، تەلەفزیۆن لەماڵەکە پێکراوە  وێنەکەشی هیچ کێشەیەکی نییە تەنها ئەوە نەبێت کە دوو لەمنداڵەکانی کێشەی بیستنیان هەیە لە کاتی سەیرکردنی شاشەکە. ئەحمەد بە کۆمیساریای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانی وت کە بیستنی برازاکەی ڕەنگە چارەسەر بکرێت ئەگەر نەتەوە یەکگرتووەکان نەشتەرگەری پێویستی بۆ ئەنجام بدات.

یەك لەو گرفتانەی کە ئاوارە ناوخۆییەکان ڕووبەڕووی دەبنەوە تازەکردنەوەی ناسنامەی کەسییانە کە تەنها حکومەتی ئەو شوێنەی لێیەوە هاتوون دەتوانێت ئەم دێکۆمێنتانەیان پێ بدات بەڵام بەهۆی ڕەوشی نائارامییەوە ئەوان لەمە سڵ دەکەنەوە.

زۆربەی خێزانی ئەو ئاوارە ناوخۆییانەی کە لە هەولێرن ئەوانەن کە لەدەست توندوتیژیی دوای تەقاندنەوەی مزگەوتی سامەڕا ساڵی ٢٠٠٦ هەڵاتوون کە زنجیرەیەك کاری توندوتیژی تایەفی بەدوا خۆیدا هێنا. بە گوێرەی کۆمیسارییای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکانیش تێکڕای ٥٣٣٧٢ کەس پەنایان بۆ هەولێر هێناوە کە زۆربەیان ئەو خێزانە کوردانەن کە لە موسڵەوە هەڵاتوون لەگەڵ ئەو خێزانەی عەرەبانەی کە

## چیرۆك

لە ناوەراست و باکوورەوە هاتوون و خێزانە کریستانەکانی بەغداد و موسڵ و کەرکوك و چەند کۆمەڵێکی کەمەنەتەوەی تری وڵات.

لەکاتێکدا توندوتیژی دوای تەقینەوەی سامەڕا بووە مایەی ئاوارەکردنی هەزران کەس لە ناو وڵاتدا لەگەڵ ئەوانەش کە پەنایان بۆ ئێرە هێناوە، کەچی تاراددەیەك ئارامی و سەقامگیریی هەولێر بووتەی جێگەی سەرنجی گەشتیارانی لەسەرتاسەری وڵاتدا.

لە ناوەندی شار باخچەی شانەدەر هەیە کە تێلیفریك و رێژاوی دەستکرد و ئایس کرێم و دەستگێڕی گەنمەشامە فرۆش و چیمەنی پانوبەرین کە منداڵان لەسەری یاری دەکەن. زۆربەی سەردانکەران عەرەبن بە زۆری ئی بەسڕە و بەغدادن کە بۆ هەولێر بە مەبەستی پشوودان دێن. لە باکووری شارەکە گوندێکی قەڵەباڵغی لێیە بە ناوی بەحرکە کە لە وێش هەندێك پەناهندە و ئاوارەی ناوخۆیی لێیە کە بەزۆری کوردی ئێرانن.

ژنە پەناهندە و ئاوارەکان هەفتەی جارێك لە گوندەکە بەیەکەوە لە ماڵی سێریڤە خانم کۆدەبنەوە. بۆ کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیە کۆمیسارییای باڵای پەناهندەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان و (رێکخراوی یارمەتیی گشتی)ی هاوبەشکاری، کە رێکخراوێکی ناحکومیی کوردییە و (بنکەی یارمەتیی پاراستن) بەڕێوە دەبات لە هەولێر، دوو میوانیان هێناوە کە پەرستیاێك و چالاکوانێکی بواری مافی ژنانە.

لەم کۆبوونەوەیەدا ساردەمەنی پێشکەش دەکرێت و میوانەکانی کۆبوونەوەی ئەم هەفتەیەش خۆیان دەناسێنن. کۆبوونەوەکە هەلی ئەوە دەداتە بەشداربووان کە لە بارەی کارە کەسییەکانیانەوە گفتوگۆ بکەن وەك پرسی توندوتیژیی جێندەری. ژنەکان لەسەرەتا گرفتە تەندروستییەکانیان بۆ پەرستیارەکە، کە ناوی مەلیحەیە، باس دەکەن و ئەمجا دواییش بۆ راوێژکارە یاساییەکە.

لە ماوەی کەمتر لە نیو کاتژمێر ژنەکان دەست بەهاتوچۆ دەکەن و گرفتەکانیان هاوبەش دەکەن و گوێ دەگرن. هەرچەندە رەنگە پاشخانیان جیاواز بێت بەڵام ئەوان خاڵی هاوبەشیان لەوە هەیە کە پێویستە سەرلەنوێ دەست بەرووبەرووبونەوەی تەحەددی گرفتەکان بکەنەوە.

## کورتەی هەواڵ

### سکرتێری گشتی مارتن کۆبلەری ئەڵمانیی وەك نوێنەری تایبەتی داهاتوو بۆ عیراق دادەمەزرێنێت

سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان بان کی مۆن لە ٥ی ئاب بەڕێز مارتن کۆبلەری ئەڵمانیی وەك نوێنەری تایبەتی خۆی بۆ عیراق دامەزراند. مارتن کۆبلەر شوێنی ئاد مێلکەرتی هۆڵەندی دەگرێتەوە کە لە تەمموزی ساڵی ٢٠٠٩ـەوە لە عیراق کاری دەکرد. سکرتێری گشتی وتی کە ئەو خۆشحاڵ بوو بە سەرکردایەتیکردنی مێلکەرت لە جێبەجێکردنی ماندێتی یونامی لە چوارچێوەی بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی ژمارە ١٧٧٠ ساڵی ٢٠٠٧ و بڕیارەکانی دواتردا.

مارتن کۆبلەر کە وەك جێگری نوێنەری تایبەتیی سکرتێری گشتی (بۆ کاروباری سیاسی) لە ئەفغانستان لە ئاداری ساڵی ٢٠١٠ـەوە کاری دەکرد، شارەزاییەکی زۆر لە بواری گەشەپێدانی سیاسەتەکان لە ناوچە پڕناکۆکییەکان لەگەڵ خۆیدا بۆ ئەم پۆستە نوێییەی دێنێ لەگەڵ خزمەتی زیاتر لە ٢٥ ساڵی کارکردن لە بواری کاروباری دەرەوە بۆ وڵاتەکەی. پێشتریش وەك بەڕێوەبەری گشتیی کلتوور و پەیوەندیکردن لە وەزارەتی کاروباری دەرەوەی وڵاتی ئەڵمانیا کاری کردووە و باڵوێزی وڵاتەکانی عیراق و میسر بوو.



بەڕێز مارتن کۆبلەر، نوێنەری تایبەتی بۆ عیراق. وێنە: نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی ئەفغانستان UNAMA

### یونامی داوا لە حکومەت دەکات پابەند بێت بە یاسای نێودەوڵەتی لە مامەڵەکردنی لەگەڵ کامپی ئەشرەف

نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ هاوکاریکردنی عیراق و کۆمیسیاری باڵای مافەکانی مرۆڤ لەم چەند ساڵەی رابردوودا بە وردی چاودێری بارودۆخی کامپی ئەشرەفیان دەکرد بۆ دۆزینەوەی میکانیزمی هاوکاریکردنی گونجاو بۆ گەیشتن بە بڕیارێك کە گونجاو بێت لەگەڵ مافەکانی سەروەریی عیراق و یاسای نێودەوڵەتی.

ئەرك و دەسەڵاتی یونامی پەرزڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ لە خۆدەگرێت و یونامی بە بەردەوامی بارودۆخی ناوەوە و دەوروبەری کامپەکە هەڵدەسەنگێنی. نەتەوەیەکگرتووەکان بەردەوام داکۆکی دەکا مە دانیشتووانی ئەو کامپە بپارێزرێن لە بەزۆر دوورخستنەوە و دەرکردن یان ناردنەوە بە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی بەزۆر نەگێڕانەوە. یونامی بەردەوام دەبێت لە هاوکاریکردنی حکومەت بۆ گەڕان بەدوای چارەسەرکردنێکی گونجاو بۆ کێشەکانی کامپەکە بەگوێرەی یاسای مافەکانی مرۆڤی نێودەوڵەتی و داوای یارمەتی و پشتگیریی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکات لەم هەوڵانەی خۆیدا.

### کۆمەڵگەی مەدەنی لە کەربەلا یادی تەقاندنەوەی بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان دەکاتەوە

نوێنەرانی کۆمەڵگەی مەدەنی و بەرپرسانی ناوخۆیی و کەسانی ئەکادیمی وکارمەندانی نەتەوەیەکگرتووەکان لە کەربەلا لە ١٧ی ئابی ٢٠١١ کۆبوونەوە بۆ یادکردنەوەی هەشتەمینساڵیادی تەقاندنەوەی بارەگای نەتەوەیەکگرتووەکان لە بەغدا کە بووە هۆی کوشتنی ٢٢ کارمەندی نەتەوەیەکگرتووەکان. گەورە نێردراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ عیراق سێرجیۆ ڤیێرا دی میلۆ لە نێوان کوژراوەکاندا بوو. ئاهەنگی یادکردنەوەکە چەندین وتاری



نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بۆ عیراق بەڕێز ئاد مێلکەرت و کارمەندانی یونامی لە هەشتەمین ساڵیادی هێرشی سەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا، ١٩ی ئابی ٢٠١١ . وێنە: کریس سیسمانیك لە نوسینگەی ڕاگەیاندنی UNAMI

لەخۆگرتبوو لەسەر ڕەتکردنەوەی تیرۆریزم و ستایشکردنی کاری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراقدا.

یادەوەرییەکە بە ناوی "هەڵوێستی هاوپشتی" بوو و ()، کە تۆڕێکی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی عیراقییە، سازیکردبوو. کۆڕی کۆمەڵگەی مەدەنی بەیاننامەیەکیان خوێندەوە کە تێیدا هاتووە: "ئەم یادەوەرییە پەیامێکە بۆ هەموو جیهان کە ئێمەی عیراقی هەرگیز ئەم کەسانە لەبیر ناکەین کە پشتگیری و یارمەتییان داوین، هەروەها پەیامێکە کە (...) عیراق شوێنی ئارامی و خۆشەویشتی و تەباییە. و کاری تیرۆریزمیش هیچ پەیوەندییەکی بە مێژوو و ڕەسەنایەتی و بەخشندەیی عیراق نیە".

## گەورە نێردراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق ئیدانەی هێرشە تیرۆرییەکان دەکات و هانی عیراقییەکان دەدات یەکگرتوو و خۆڕاگر بن

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراق ئاد مێلکەرت بە توندی ئیدانەی زنجیرە هێرشە تیرۆریستییەکانی ١٥ی ئاب لە ژمارەیەك لە شارەکانی عیراق دەکاتا. ئەم کارە تیرۆریستییانە دەیان کەسیان کردە قوربانی و ژمارەکی زۆریش بریندار بوون. مێلکەرت سەرەخۆشیی لە خێزانی قوربانییەکان وهەروەها لە حکومەتی عیراقیش کرد و ئیدانەی هێرشی بەئەنقەستی سەر هێزە ئەمنییەکان و ئەو شوێنانەی کرد کە خەڵك لێیان کۆدەبنەوە وەك نزیك پەرستگاکان، بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز. هەروەها مێلکەرت داوای لە هەموو عیراقییەکان کرد بەهاکانی لێبوردەیی و ڕێزگرتنی ژیانی مرۆڤ پەیڕەو بکەن. هەروەها هانی خەڵکی عیراق دا بۆ ئەوەی یەکگرتوو و ۆڕاگر بن لە هەوڵە بەردەوامەکانیان بەرەو پێکەوەژیان و دیموکراسی و ئاوەدانکردنەوە.

## یونامی راپۆرتێك دەربارەی زۆنگاوەکانی عیراق بڵاودەکاتەوە

یونامی لە ٢٤ی ئاب ڕاپۆرتێك لەسەر زۆنگاوەکانی عیراق دەرکرد بەناوی "دروستکردنی گۆڕانکاری لە زۆنگاوەکانی عیراق: بەرەنگاربوونەوەیەکی سەختیی عیراق". ڕاپۆرتەکە کە "تیمی یەکانگیری نەتەوەیەکگرتووەکان لە عیراق بۆ ئاو" ئامادەی کردبوو بەهەماهەنگیی ڕێکخراوی پەروەردەیی و کلتووری و زانستی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان (UNESCO) و یونامی، جەخت لەوە دەکات کە بوژاندنەوەی زۆنگاوەکان لە کارە لەپێشەکانی ژینگەیی و پەرەپێدانە.

ڕاپۆرتەکە هانی گەشەپێدانی تێڕوانینێکی نیشتیمانی دەدات بۆ بەڕێوەبردنی زۆنگاوەکان و تیشك دەخاتە سەر گرنگیی پەیڕەوکردنی شێوازێکی یەکگرتوو بۆ چارەسەرکردنی سەرچاوەکانی ئاو لە عیراق. لە کۆتاییدا، ڕاپۆرتەکە دەڵێت کە پێویستە پەرەپێدانی بەردەوامی زۆنگاوەکان پێداویستیی هاوسەنگیی بازرگانی نێوان پەرەپێدان و ژینگە لەبەرچاو بگرێت.

ڕاپۆرتەکە هاوبەشەکانی زۆنگاوەکان وەك حکومەتی ناوەندی و ناوخۆ، ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، و دام و دەزگا ئەکادیمییەکان و نوێنەرانی کۆمەڵگەکانی زۆنگاوەکان بە هاوبەشیی نزیك لەگەڵ یەکتر ئامادەیان کردبوو.

**هەواڵنامەی یونامی** مانگانە لە لایەن نوسینگەی ڕاگەیاندنی گشتیی یونامی دەردەچێت و بابەتەکانیش مەرج نییە دەربڕی ڕای نەتەوە یەکگرتووەکان یان یونامی بێت. بابەتەکان ئازادانە بڵاو دەکرێنەوە لەگەڵ سوپاس بۆ هەواڵنامەی یونامی

بۆ لێدوان و پێشنیار پەیوەندی بکەن بە

unami-information@un.org

سەرۆکی نوسینگەی ڕاگەیاندن / وتەبێژ: رادیە عاشوری

سەرۆکی بەشی بڵاوکراوەکان: عائیشە بەسری

نوسیار: کرێستۆفەر سێسمانیك

مۆنتاجی وێنەکان: بیکەم ئەکبەرزادە

دیزان و گرافیك: سالار بریفکانی

**لیستی کورتکراوەی ناوەکانی ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان:**

لە عیراقدا ١٦ ڕێکخراو و بەرنامە و ئاژانس و سندوقی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کار دەکەن: ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (FAO) و ڕێکخراوی کاری جیهانی (ILO) و ڕێکخراوی کۆچی جیهانی (IOM) و نێردەی نەتەوە یەکگرتووەکان بو هاوکاریکردنی عیراق (یونامی) و بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان UNDP و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و ڕۆشنبیری- یونیسکۆ UNESCO و سندوقی دانیشتوانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (( UNFPA و بەرنامەی نیشتەجێکردنی مرۆیی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان (Habitat) و نوسینگەی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران (UNHCR) و سندووقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان- یونیسێف UNICEF و ڕێکخراوی پەرەپێدانی پیشەسازیی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان (UNIDO) و سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدانی ژنان (UNIFEM) و نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازیی کاروبارە مرۆییەکان (UN OCHA) و نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خزمەتەکانی پرۆژە - یونۆپس (UNOPS) و ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی (WFP) و ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی ( WHO ).